رۆژنامەیەكی ئەلكترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
2-8-2007 20:36بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

**كامیان باشترە نەتەوە پەرستی یا نیشتیمان پەروەری؟ ... كاكۆ عەبدوللا**

دیارە هەر تاكێك لە هەر نەتەوەیەك شانازی بە ئینتیمای نەتەوایەتی خۆی دەكا و لە هەموو بۆنەو یادەوەریەكانی پەیوەست بە میللەتەكەی هەستی نەتەوایەتی دەبزوێ، كە ئەمەش دیاردەیەكی سروشت و تەندروستە.



بەڵام كاتێك هەستی نەتەوایەتی گەیشتە ئاستی نەتەوە پەرستی بەبڕوای من كارێكی ناتەندروستەو دەلالەت لە ناتێگەیشتن و دواكەوتویی ئەم تاكە یا ئەم نەتەوەیە دەكات چونكە نەتەوە پەرستی واتە ڕەتكردنەوەی نەتەوەكانی تر.

زۆر جاران لە خەلكانی خۆمان گوێبیست دەبین كە نەتەوەی تورك دوژمنی سەرسەختی كوردە، بەبێ جیاوازی كردن لەنێوان دەسەڵات و میللەت، چونكە هەر خراپەكاریەك و زولم و زۆریەك و كارێكی نامرۆڤانە كە لە توركیاوە لە گەلی كورد دەكرێت بێگومان دەسەڵات لێی بەرپرسیارە، هەرچەندە ئەم حكومەتە لە لایەن میللەتیش هەڵبژێردرا وە، من پێم وایە نە تورك و نە هیچ گەلێكی تریش هەبێت لە 100% لە گەڵ ڕاو بۆچون و سیاسەتی چەوتی حكومەتەكەی بێت بێگومان میللەتی توركیش خەڵكی ڕۆشنبیرو خاوەن هەڵوێست و مرۆڤ دۆستیان زۆر تێدایە مافی ژیانی سەربەخۆ بۆ میللەتانی تر ڕەت ناكەنەوە.

بەهەمان شێوە دەربارەی عەرەبی لای خۆمان لەبەر ئەوەی ئەو ڕژێمانەی دەسەڵاتیان لەم وڵاتە لە دەست بوە لەلایەن عەرەبە شۆفینی و درندەكان كارو باری وڵات بەڕێوە چوە، عەرەبەكان زۆر كاری دزێو و نامرۆڤانەیان لەم ناوچەیەی ئێمە ئەنجام داوە ئینجا لە ژێر فشاری حكومەت بێت یا نا، بۆیە ڕوێكی ناشیرنی عەرەب لای ئێمە دروست بوە، بەڵام گەر بێیە سەر ڕاستی عەرەب وەكو نەتەوە تاوانییان نیە چونكە ناتوانین بڵێین هەموو عەرەب دەستی لەم كارانە هەبوە یان پێیان خۆشبوە، بێگومان خەڵكانی خاوەن ویژدان و ڕۆشنبیری زۆریش هەبون لە ناو نەتەوەی عەرەب كە ئەم كارە نارەوایانەیان ڕەت كردۆتەوە.

گریمان بەشی زۆری عەرەب و فارس و تورك گەر وەكو نەتەوەش بیرو بۆچونیان بەرامبەر گەلی ئێمە كە بە هاوڵاتی پلە دوو سەیرمان بكەن و باوەڕیان بەمافە ڕەواكانی ئێمە نەبێت بێگومان ئەم هەڵوێستەیان لە كەم زانی و خۆپەرستیانەیە كە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە كارێكی نەگەتیف لەسەر نەتەوەكەیان دەشكێتەوە، چونكە بێگومان میللەتانی پێشكەوتوی جیهان ئەم هەڵوێستە نارێكانە بە ڕونی دەبینن.

بۆیە بەلای من پێویست نیە كاردانەوەی میللەتی ئێمە بەرامبەر نەتەوەكانی دەورو بەر بەهەمان شێوەی ئەوان بێت، با ئێمە بە ڕەتنەكردنەوەی ئەوان قورسایی دان بەنەتەوەكەیان وەكو میللەتێكی گرنگی سەر ڕوی زەوی و خۆمان دەرخەین كە ئێمە لەوان مرۆڤ دۆستترو ڕۆشنبیر ترین.

ئێمرۆ لەم هەرێمەی ئێمە بە پێچەوانەی هەرێمەكانی تر جۆرێك لە ئارامی هەیە و كاتێك عەرەب یا هەر نەتەوەیەكی تر ڕوو لە ئێمە دەكەن و داوای پەناگەیەكی ئارام دەكەن، بەڕاستی جگە لە ڕەزامەندی حكومەت پێویستە لە لایەن میللەتەكەشمان بە هەستێكی مرۆڤانە پێشوازیان لێ بكرێت، وەئەگەر بەهانەی گەلەكەمان ئەوەیە كە بەهاتنی عەرەب باری ئاسایش ناوچەكەمان تێك دەچێت ڕاستە ئەمە كاری حكومەتە بە هاوكاری لەگەڵ میللەت، بەڵام بە چاودێری كردنیان نەك ڕەت كردنەوەیان.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
2-8-2007 20:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بەڕاستی لەوە سەرسام دەبم کە کارەساتێکی سروشتی یاهۆکاری تر وەکو نمونەی ئەم ئاژاوەو خوێن ڕژانەی ڕۆژانەی ناوچەکانی عێراق، دەبێتە دڵخۆشی زۆر لە خەڵکانی ئێمە چونکە گوایە تۆڵەی ئێمەیان لێدەبێتەوە و هیوای بەردەوامبونی ئەم زروفەیان بۆ دەخوازن.

دیارە دڵخۆش بونی هەر نەتەوەیەك بە خوێن ڕشتنی نەتەوەیەکی تر بێگومان کارێکی ناڕەوایە، چونکە مرۆڤ و مرۆڤ دۆستی زۆرلەنەتەوە و مەزهەب پەرستی گەورەتر و پیرۆز ترە.

دوا بە دوای مرۆڤایەتی دەتوانین بڵێین نیشتیمان پەروەری ڕوێکی هەرە گەش و پێشکەوتوی کۆمەڵگەو وڵاتە، دیارە بونی ئاڵاو سنور بۆ نەتەوەیەك مافێکی ڕەوایە و بونیان ئارامی دەبەخشێتە دڵ و دەرونی خەڵك، وە دیارە کرانەوەی سنوریش بە ڕوی هەر یەکێك کە دەیەوی سنور ببەزێنی (جگە لە تاوانباران) کارێکی پێشکەوتنخوازانەیە.

مرۆڤ کە نیشتیمانەکەی خۆی خۆشویست و هەریەك بە پێی توانای خۆی خزمەتی وڵاتەکەی کرد واتە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست خزمەت بە نەتەوە و مرۆڤایەتی دەکات.

بە بڕوای من ئاماژەنەکردن بەخەتی سور و قودسیەت نەدان بە هەر شتێك، گەورەترین خزمەتە بەمرۆڤایەتی و بەرەو پێشچونی نیشتیمان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.